Published on *Institute for War and Peace Reporting* (https://iwpr.net)



# پارێزەرانی قوربانیانی هەڵەبجە دەیانەوێ کەیسەکە بە جینۆساید بناسرێ

پارێزەران و قوربانیانی هەڵەبجە پێشوازی لە سزای مەرگ بۆ عەلی کیمیایی دەکەن، بەڵام بە بڕیاری ناساندنی کەیسەکە وەك تاوانی دژی مرۆڤایەتی لەلایەن دادگاکەوە رازی نین.

.

لە ١٧ی کانوونی دووەم، دادگای باڵای تاوانی عێراق سازای لەسێدارەدانی بەسەر عەلی کیمیایدا سەپاند بەهۆی بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە بە گازی خەردەل و جۆرەها گازی ئەعساب.

زیاتر لە ٥٠٠٠ هاوڵاتی، کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، لەو هێرشەکەدا کە لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٨دا روویدا گیانیان لەدەستدا.

یان راگەیاند کە هەرچەندە بە سزای لەسێدارەدان بۆ عەلی کیمیاییIWPR پارێزەرانی قوربانانیان و خەڵکی هەڵەبجە و بەرپرسان بە رازین، بەڵام دەیانەوێ تاوانەکە بە جینۆساید بناسرێ.

پارێزەرانی قوربانیانی هەڵەبجە وتیان هەفتەی داهاتوو لە دادگای باڵای عێراق داوای پیاچوونەوە بە بڕیارەکەدا دەکەن و ئاماژەیان بۆ ئەوەش کرد کە بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکە لەوانەیە وا بکات لە ئاستی نێودەوڵەتی زیاتر دان بە کیمیابارانی هەڵەبجەدا بنرێت و ئەگەری ئەوەش زیاتر دەکات کە قوربانییەکان قەرەبوو بکرێنەوە.

پزیشکان دەڵێن هەزاران رزگاربووی ئەو هێرشە کیمیاییە ئێستاش بەدەست چەندین کاریگەریی درێژخایەنی ماددە کیمیاییەکانەوە دەناڵێنن و توانای چارەسەرکردنی خۆیان نییە.

"دەرکردنی بڕیاری بە جینۆساید ناساندنی هەڵەبجە گرنگە تاکو هیچ گومانێك سەبارەت بەوەی بەسەر خەڵکی هەڵەبجەدا هاتووە لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٨ بوونی نەبێت. ئەم بڕیارە یارمەتی قوربانیان دەدات بەدوای قەرەبوودا بگەڕێن،" بەکر حەمە سدیق، جێگری سەرۆکی دەستەی داکۆکیکار لە کەیسی هەڵەبجە و ٢٣ لە خزمەکانی لە هێرشەکە لەدەست داوە و خۆشی لە کاتی کیمیابارانەکەدا لە هەڵەبجە بووە، وتی.

"حکومەت ئەو کاتە هەڵەبجەی بە ناوچەیەکی سەربازی راگەیاند، بەڵام لە راستیدا پەیامێك بوو بۆ ئێران کە رژێمی ئەو کاتە تەنانەت رەحمی بەرامبەر بە هاوڵاتیانی خۆشی نییە. کیمیابارانی هەڵەبجە جینۆساید بوو."

گۆران ئەدهەم، سەرۆکی دەستەی داکۆکیکار لە دۆسیەی هەڵەبجە، وتی دەستەکەی پاڵپشتی لە سزاکە دەکات، بەڵام داوای پیاچوونەوە دەکات تا حوکمەکە بکرێت بە جینۆساید. ئەدهەم وتی عەلی کیمیایی "بە سزای خۆی گەیشت". "نەك تەنها دانی بە تاوانەکەی داناوە، بەڵکو ئێمە زۆر بەڵگەمان لایە بۆ سەلماندنی."

دەرچوونی بڕیاری لەسێدارەدان بۆ عەلی کیمیایی خێرا کۆتایی دێنێت بە دادگاکە کە دوو ساڵی کێشاوە و بەهێواشی ئەچوو بەڕێوە و ڕێگا خۆش دەکات لەبەردەم ئەنجامدانی دووەم گەورەترین سزای لەسێدارەدان لەوەتەی دیکتاتۆری پێشوو سەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٦ لەسێدارە دراوە. عەلی کیمیایی ئامۆزای سەدام حوسێنە و ماوەیەکی زۆر هاوکاری یەکتر بوون.

"ئێمە داد‌پەروەری لە حوکمەدا دەبینین، بەڵام نەناساندنی کەیسەکە بەشێوەیەکی رەسمی وەك جینۆساید نیگەرانیمان لا دروست دەکات،" گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاوە مەحمود لە سەرەتای ئەم هەفتەیە بە دەزگاکانی راگەیاندنی وت. "خۆشحاڵین کە دەستەی داکۆکیکار داوای پێداچوونەوەیان کردووە بە بڕیارەکە."

دیار نییە ئاخۆ تەمیزکردنەوەی بڕیارەکە و گۆڕینی بۆ جینۆساید لەسێدارەدانی عەلی کیمیایی دوادەخات یان نا. ئەحمەد وتی دادگا دەتوانێ سزای لەسێدارەدانی عەلی کیمایی جێبەجێ بکات بێ ئەوەی چاوەڕێی تەمیزکردنەوەی بڕیارەکە بکات.

دادوەری دادگاکە روونی نەکردۆتەوە بۆچی عەلی کیمیایی بە ئەنجامدانی تاوانی دژی مرۆڤایەتی، نەك جینۆساید، تۆمەتبار کراوە و سەرەڕای نزیکبوونەوە لە ژمارەیەك دەسەڵاتی یاسایی، IWPR نەیتوانی روونکردنەوەیەك لەسەر بڕیارەکە وەربگرێت.

تارق حەرب، سەرۆکی کۆمەڵگەی کلتووری یاسایی عێراق و یەکێکە لە شارەزایە باڵاکانی عێراق لە بواری یاساییدا، وتی پڕۆسەی تەمیزکردنەوە هەمیشە چەند مانگێك دەخایەنێت. حەرەب ئەوەشی وت کە تەمیزی لەم جۆرە لە مێژووی یاسایی عێراقدا تۆمار نەکراوە.

ئەدهەم وتی پێی وایە پێنج ئەندامەکەی دادگای باڵا تەنانەت دوای لەسێدارەدانی عەلی کیمیاییش دەتوانن لە تەمیزکردنەوەی بڕیارەکە وردببنەوە تا بکرێت بە جینۆساید.

"پێم وایە عەلی کیمایی بەر لەوەی دادگای باڵا بڕیاری خۆی بدات لەسێدارە دەدرێت،" ئەدهەم وتی.

هەروەها وەزیری بەرگری پێشووی رژێمی بەعس سوڵتان هاشم تائی و بەرپرسی پێشووی هەواڵگریی سەربازی ساپر عەزیز دوریش لە کەیسی هەڵەبجەدا بە ئەنجامدانی تاوانی دژی مرۆڤایەتی تاوانبار کراون. هەردوو تاوانبار سزای ١٥ ساڵ زیندانیان بۆ بڕایەوە و ئەدهەم و دەستە یاساییەکەی پێیان وایە کە ئەم دوو سزایە زۆر سووکن بەرامبەر بەو تاوانەی کە ئەنجام دراوە.

"ئێمە پێمان وایە کە سزای تاوانبارەکانی تر دادپەروەرانە نییە. دەبێ سزاکەیان قورستر بکرێت،" ئەدهەم، کە پاڵێوراوی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانە بۆ پۆستی قائمقامی هەڵەبجە و ئێستا بەتاڵە، وتی. "ئێمە رێز لە بڕیاری دادگاکە دەگرین، بەڵام داوای حوکمێکی نوێ دەکەین لە دادگای باڵا."

مشتومڕی سیاسی بەهۆی چارەنووسی تائی، کە رۆژگارێك سیاسەتمەدارێکی ناوداری سوننە و بەرپرسێکی سەربازی بووە، بۆتە مایەی هەڵپەساردنی چەند سزایەکی تری لەسێدارەدان کە بۆ عەلی کیمیایی دەرچووە. تائی لەگەڵ عەلی کیمیاییدا لە ساڵی ٢٠٠٧ سزای مەرگی بۆ بڕایەوە بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال لە ساڵانی ١٩٨٠کاندا، بەڵام جێگری سەرۆك کۆماری عێراق تارق هاشمی و سەرۆك کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی، کە دژی سزای لەسێدارەدانە، رەتیانکردەوە فەرمانی لەسێدارەدانی ئیمزا بکەن.

سزای لەسێدارەکان لە کەیسی هەڵەبجەدا چوارەمین سزای مەرگە بەسەر عەلی کیمیاییدا بسەپێنرێت بەهۆی ئەنجامدانی چەندین تاوان دژی کورد و شیعەی عێراق کاتێك یەکێك بووە لە دەسەڵاتدارەکانی سوپای سەدام حوسێن لەماوەی سی ساڵی حوکمڕانی بەعس. عەلی کیمیایی ماوەیەکی کەم دوای شاڵاوەکەی ئەمریکا لە ٢٠٠٣دا دەستگیرکراو لەو کاتەوە لای ئەمریکییەکان دەستبەسەر بووە. جێگری وەزیری دادی عێراقی پوشۆ ئیبراهیم لە ١٧ی کانوونی دووەم بە پەیامنێرانی راگەیاند کە عەلی کیمیایی بەم زووانە لەسێدارە دەدرێت.

بڕیاری دادگای هەڵەبجە لە کاتێك دایە کە شەپۆلێك دژی بەعسییەکان لەئارادایە و ئەمەش ئەو لێکدانەوەیە ئەهێنێتە ئاراوە کە حوکمەکە لەوانەیە بۆ دەستکەوتی سیاسی بقۆسترێتەوە بەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ٧ی ئازاری داهاتوو.

"بڕیاری لەسێدارەدانی عەلی کیمیایی لە کەیسی هەڵەبجە لە لایەن سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری مالیکی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەکاردەهێنرێت،" هادی جەلۆ مەرعی، شیکەرەوەیە و لە رۆژنامەی مەدای بەغدا و وتار لەسەر کاروباری سیاسیی عێراق دەنووسێت، وتی. "مالیکی بە شەقامی عێراقی دەڵێت کە ئەو بوو بڕیاری لەسێدارەدانی سەدام حوسێنی جێبەجێ کرد و بەردەوامیش دەبێت لە سەپاندنی رێوشوێنی توند لەدژی بەرپرسانی پێشووی سەدام."

ئەدهەم وتی سەرەڕای نەبوونی بڕیارێك بۆ ناساندنی کیمیابارانی هەڵەبجە بە جینۆساید، حوکمی تاوانی دژی مرۆڤایەتیش ئەگەری ئەوەی هێشتۆتەوە کە داوایەکی مەدەنی تۆمار بکرێت بۆ داواکردنی قەرەبوو بۆ قوربانیان و کەس و کاری قوربانیان.

"ئێمە داوای یاسایی لەسەر ئەو کۆمپانیا بیانیانە تۆمار دەکەین کە هەڵساون بە فرۆشتنی ئەو مادده کیمیاییانەی لە هێرشەکەدا بەکارهاتوون و حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەتوانن لە دادگا نێودەوڵەتییەکاندا داوایان لەسەر تۆمار بکەن،" ئەدهەم بە IWPRی وت.

لە ١٧ی کانوونی دووەم، سەدان هاوڵاتیی شاری هەڵەبجە لە گۆڕستانی قوربانیانی هەڵەبجە کۆبوونەوە و گوڵیان لەسەر گۆڕی هاوڕێیان و خزمانی خۆیان دانا کە لە کیمیابارانی هەڵەبجە گیانیان لەدەست داوە. لە ڕێوڕەسمێکدا ڕۆژی دواتر، ئەو پێنووسەی سزای لەسێدارەدانی عەلی کیمیایی لە دادگادا پێ ئیمزا کراوە لەگەڵ کامێرەیەك کە وێنەی منداڵان و خەڵکی کوژراوی هێرشەکەی پێ گیراوە پێشکەش بە مۆنومێنتی هەڵەبجە کران.

زۆرێك لە هاوڵاتیانی هەڵەبجە، کە زۆربەیان ئازیزانی خۆیان لە هێرشە کیمیاییەکە لەدەستداوە، هیواداربوون دادگای هەڵەبجە کە دوو ساڵی خایاندووە بە ڕەسمی تاوانەکە بە جینۆساید بناسێنێت و دەرگا لەبەردەم قەرەبووی ماددی واڵا بکات.

"بە لەسێدارەدانی عەلی کیمیایی خۆشحاڵ نیم چونکە هیچ شتێك بۆ ئێمە ناگۆڕێت. بەبێ حوکمی کەیسی هەڵەبجەش لەسێدارە دەدرا. ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کەیسەکە بە جینۆساید بناسێنرێت،" یەحیا نەوزەر، مامۆستای قوتابخانەیە لە هەڵەبجە، وتی.

لەو ڕێوڕەسمەدا، خۆپیشاندەران لافیتەیەکیان هەڵگرتبوو کە لێی نووسرابوو، "دەمانەوێ عەلی کیمیایی بە ئەنجامدانی جینۆساید تۆمەتبار بکرێت."

سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە خدر کەریم وتی هەندێ لە دانیشتوانی هەڵەبجە سەرەتا بە حوکمی تاوانی دژی مرۆڤایەتی بێ ئومێد بوون، بەڵام دواتر ئاهەنگێکیان سازدا بەبۆنەی بڕیاری لەسێدارەدانی عەلی کیمیایی.

"من چوومە بەغدا تا حوکمەکە ببیستم و تەلەفۆنم بۆ خەڵکەکە کرد و پێم وتن نیگەران نەبن چونکە زۆربەی داوکارییەکانمان بەدەست هاتوون،" کەریم وتی. "چاوەڕێی بڕیاری دادگای باڵا دەکەین و دوای ئەوە ئاهەنگێکی گەورە ساز دەکەین."

هێمن لهۆنی موحەریرێکی ناوخۆی IWPRە لە سلێمانی. موحەریریIWPRی ڕاهێنراوی ڕۆژنامەنووسێکی خەبات نەوزاد لە سلێمانی. عەبیر محەمەد لە هەولێر و بەغداوە بەشداریان لە نووسینی ئەم IWPR محەمەد فورات و موحەریری پێشکەوتووی IWPR ناوخۆی ڕاپۆرتە کردووە.

**Location:** Iraqi Kurdistan
Iraq
Iran

---

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/%D9%BE%D8%A7%D8%B1%DB%8E%D8%B2%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D9%82%D9%88%D8%B1%D8%A8%D8%A7%D9%86%DB%8C%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D9%87%D9%87%E2%80%8C%DA%B5%D9%87%E2%80%8C%D8%A8%D8%AC%D9%87%E2%80%8C-%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%DB%8C%D8%A7%D9%86%D9%87%E2%80%8C%D9%88%DB%8E